چۆن ئێمەی مرۆڤ لە داهاتودا ئەگۆڕێین؟

نزیکەی ٦ ملیۆن ساڵە مرۆڤ هەیە ، لەدوای نەشونماکردنمان، ئەبینین کە چۆن ئەتوانین بەرێکی بڕۆین و بدوێین و بخوێنینەوە ،گەشەکردنی مرۆڤ هەر بەردەوامە ، بۆ نمونە لە داهاتودا درێژتر ئەبین ،بەڵام ئاگاداربن ، قژ زەرد و چاو شین (مرۆڤی کاڵ) بەرەو نەمان ئەچێت.

مرۆڤ بەخۆشحاڵییەوە خۆی بە تاجی بونەوەرە خولقێنراوەکان ئەبینێت ، هەرچەندە لەرێڕەوی گەشەکانی جەستەی گیانلەبەران و گۆڕانکارییەکاندا ، ئێمەی مرۆڤ بە وەرزترین و بێتامترین زیندەوەر هەژمار ئەکرێین ، چونکە جەستەی مرۆڤ لە دووسەد هەزارساڵی ڕابردودا هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. بەڵام هێشتا گەشەکردنمان کۆتایی نەهاتووە ، تەکنیک لە ساڵانی داهاتوودا گۆڕانێکی ڕادەبەدەرمان بەسەردا دێنێت. ڕەوڕەوەی شۆڕشێکی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی بەم نزیکانە بەرێوەیە.

چی جۆرە گەشەکردنێک چاوەڕێمانە؟

لە ڕابردوییەکی زۆر دووردا نیە، کە نابینا، گوێ گرانەکان(کەڕ) ،بێ دەست و قاچەکان شانسی مانەوەی ژیانیان کەم بوو ،یان هەر نەبوو . بواری سروشت وابوو ،کە تەنها ئەوانەی بە باشی توانای خۆگونجانیان هەبوە تێیدا ،شانسی مانەوەیان هەبووە لە ژیاندا ،بەڵام ئیمڕۆ وا نیە ، پێویست بە گۆڕانگارییەکی زۆری بنچینەیی گەشەکردنی خانەکانی زیندەوەر نیە وەک جاران. لە داهاتوودا ڕەنگی ڕوخساری مرۆڤ تێکەڵ ئەبێت وەک ڕەنگی کەپۆچینۆ (جۆرێک لە قاوە) و قژێکی تۆخ و چاوێکی بادەمی ئەبێت. باڵای مرۆڤیش درێژتر ئەبێت ، هەروەک لە ئەڵمانیا باڵای کورێکی هەرزەکار ٢٠ سم لە باووپاپیرانی درێژتر بووە،لە هۆڵندە هەرزەکاران ٣٠ سم درێژتر بوون. ئەمەش پێش هەموو شتێک ئەگەڕێتەوە بۆ باش بوونی جۆری خۆراک ، کە کار لە منداڵ ئەکات خێراتر بگەنە تەمەنی هەرزەکاری(مراهقی) و ئەندامی زاوزێیان تەواو گەشە بکات ، لەگەڵ هەنگاونانی خێرایی پەرەسەندنی تەکنیکیش ئەتوانرێت تەمەن درێژ بکرێتەوە ، وەک چۆن لەسەردەمی چاخی بەردیندا مرۆڤ بە تێکرایی تەمەنی گەیشتۆتە ٣٦ ساڵ ، ئێستا بەلایەنی کەمەوە ئەگاتە دووجار بەرامبەر بەو تەمەنە واتە ٧٢ ساڵ.

ڕەگەزی مرۆڤ زۆرتر تێکەڵ ئەبن ،ئەمەش ئەبێتە هۆی زاڵ بوونی خانەی پێست تۆخەکانی ئاسیا و شێوەو ڕوخساری ئەوان بڵاو ئەبێتەوە. زاناکان گەیشتونەتە ئەو دەرەنجامەی کە دوا ژنی قژ زەرد لە فیلەندا لە ٢٠٠ ساڵی تردا لە دایک ئەبێت و دوای بەرەو نەمان ئەچێت. بە ڕۆژگار وای لێدێت مرۆڤ لە داهاتودا گەشەونەشونمای جەستەی خۆی ئەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ، لە ٣٠ ی ساڵی داهاتودا داهێنانەکان کارئاسانی وا ئەکەن ،کە لە ڕێگای تەکنیکی (جین)ەوە گۆڕانکاری لە باشتر بوونی تەندروستی مرۆڤدا بکرێت ، هەروەک داهێنەری ئەمریکی (لی سیلڤەر) ئەڵێت ، ماوەیەکی تر نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و وەستانی دڵ و مێشک (جەڵتەی دڵ ومێشک) ئەبنە بەسەرهاتی ڕابردوو و چارەسەرییان ئاسان ئەبێت.

کوێرەکان ئەتوانن ببینن و ئیفلیجەکان ئەتوانن بڕۆن:

بە هۆی پەرەسەندنی تەکنیکەوە تەنانەت هیوابڕاو و خاوەن پێداویستە تایبەتیەکان کەوتنە ناو بارودۆخێکی پڕ لە هیوا و ئاواتەوە ، لەم ماوەیەدا توانرا مرۆڤی ئیفلیج لە بڕبڕەی پشتەوە بخەنە سەرپێی خۆی و هەنگاو بنێت ، بەهۆی دانانی ڕۆژانەیە ، بۆ نمونە چاندنی ئۆرگانێکی دەستکرد لە مێشکی مرۆڤێکی کەڕدا ، توانای گەڕانەوەی هەستی بیستن ئەداتێ ، یان دانانی زمانەی دڵی دەستکرد بۆ دڵی مرۆڤێکی دڵ نەخۆش ، دانانی قاچێکی دەستکرد بۆ بێ قاچەکان و توانای ڕۆیشتن و ڕاکردنی ئاساییان ئەبێت. ئەمە وا ئەکات مرۆڤە بێهێزەکان بتوانن ژیانێکی ئاسایی بەرنەسەر .واتە مرۆڤ پێویستی بە گۆڕانە کتوپڕییەکانی خانەی جەستەی نابێت ، تەکنیک جێی ئەگرێتەوە لە ڕێگای هەڵبژاردەی بایۆلۆژی و ئۆرگانی دەستکردی وەک دڵ،جگەر و گورچیلە و ئێسقان و مرۆڤی ڕۆبۆتەوە ، شۆڕشێکی گەشەسەندنی جەستەی مرۆڤ دێتە ئەنجام.

مرۆڤ بەردەوام تەندروستی باشتر ئەبێت:

مێشکی مرۆڤ زۆر گەورەتر ئەبێت ، لە ٨٠٠ سم٣ ئەبێتە ١٢٠٠ سم٣، هۆکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ زۆرتر فێربوون لە ماوەی ژیانیاندا ، ئەمەش وا ئەکات خانە بۆرەکانی مێشک زۆرتر بن ،لە بەر ئەوە فۆرمی مێشک گەورەتر ئەبێت. دانەکانمان پێویست ناکات کاری گرانیان پێ بکەین ، چونکە خۆراک لە داهاتودا زۆر پێویست بە جووین ناکات ،کاکیلەی دانمان کول ئەبن و دەم بچوک ئەبێتەوە ،لەداهاتوشدا پێویست بەگەڕان و پەیداکردنی خۆراک ناکات ، ئەمەش ئەبێتە هۆی کزبونی توانای بینین و بۆن کردن لە مرۆڤدا.

چی شتێک لە توانای مرۆڤدا ئەبێت:

ئەوەی تا چەند ساڵێک لەمەوپێش بەبیری مرۆڤدا نەدەهات و بە خەو و هزر ئەمان هێنایە بەرچاومان ،ئێمڕۆ هەمووی ڕاستین و کارێکی ئاسایی کۆمپیتەرێکی بچوک لە مێشکیدا کە فەرمان بەقاچەکانی بدات بۆ ڕۆیشتن، یان کوێرەکان ئەتوانن ببینن، بەهۆی دانانی کامێرەیەکی بچوکەوە کە تەوژمێک ئەنێرێت بۆ خانەکانی مێشک ، یان بەلایەنی کەمەوە ئەو ئامێرە (ڕاستەر: ئامێرێکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕەنگەکان) ببینێت و توانای هەبێت بەتەنها کارەکانی جێ بەجێ بکات.

ژنی دووگیان هەست بە بەرزی سکی ناکرێت:

لەدوای پیتاندنی تۆوی ژن وپیاو دروست بوونی کۆرپەکە ، دەمێکە ئەتوانرێت بۆ بەخێوکردنی ئەو کۆرپەیە لە ناو شوشە دا گەشەی پێ بدرێت تا گەورە ئەبێت ، ئەوەی لە داهاتودا جێی ئەگرێتەوە ،جۆری زاوزێ کردنە لە دەرەوەی جەستەی مرۆڤدا،هەروەک داهێنەرێکی ژن (هونگ-چینگ لیو) توانی منداڵدانێکی دەستکرد دابهێنێت و کە توانراوە مشک بۆ چەند ڕۆژێک تێیدا بژین ، وا پێشبینی ئەکرێت لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا بتوانرێت منداڵدانی دەستکرد لەدەرەوەی جەستە بۆ مرۆڤیش بەکار بهێنرێت .

دروستکردنی پێست و لوت وگورچیلە لە لابۆردا (تاقیگە):

لە دوای ڕوواندنەوە و گواستنەوەی پێستی خودی مرۆڤ ئەتوانرێت ئەو مرۆڤە برینداره یان کەمی و نەمانی خانەکانی جەستەی بڕوێنرێتەوە و دروست بکرێتەوە و لە جەستەیدا بچێنرێتەوە ، وەک ئەوەی لە نەخۆشخانە ی (فرایبورگ)ی ئەڵمانی، پێستی مرۆڤ بەرهەم هێنراوە ، لە دوای ئەمەش نیازی دروست کردنی گوێچکە و جومگەکانین ، هەوڵ ئەدرێت لە داهاتوودا ئۆرگانەکانی ناوەوەش دروست بکرێتەوە ، هەرچەندە زۆر کارێکی ئالۆزە ، بەڵام ڕۆژگارێک دێت، کە بتوانرێت ئەوانەش بچێنرێتەوە لە لەشی مرۆڤدا.

ئایا سنورەکان لە کوێدان؟

مرۆڤ چیتر پێویست ناکات خۆی لەگەڵ ژینگەدا بگونجێنێت ،بەڵکو ژینگە لەگەڵ خۆیدا ئەگونجێنێت،چیتر گەشەسەندن پابەند نابێت بە هەڵبژاردەی سروشتەوە ، بەڵکو پابەند ئەبێت بە حەز وئارەزووی مرۆڤەوە. لە کاتێ نەمانی ڕەگەزی کاڵ (چاوشین و قژ زەرد) ، مرۆڤ ئەتوانێت خۆی جارێکی تر بچێنێتەوە و دروستی بکاتەوە . بەهۆی ئەو زانیارییە پێشینەیەی هەیەتی کە لەوەو پێش پێی بەخشێنراوە لە سروشتدا،لەگەڵ شارەزایی لە جۆری گۆڕانکارییەکانی جەستەی ، لەئەنجامدا، ئەو توانایەی ئەبێت کە خۆی بڕیاردەر بێت لە دەست نیشانکردنی جۆری گەشە کردنی لە جەستەی خۆیدا .بۆ نمونە، پێش لە دایک بونی کۆرپەکانی، خۆی بڕیار ئەدا کە شێوە و فۆرم و ڕەنگی ڕوخساری نەوەکانی چۆن بێت،یان منداڵەکەی ببێت بە خاوەنی چی بەهرەیەک لە ژیاندا یان نەخۆشییەکانی چارەسەربکرێت پێش هاتنە ژیانەوە.

ترسی مرۆڤ لە داهاتوو

گەورەترین ترس بۆ مرۆڤ لە داهاتوودا ئەوەیە کە لەوانەیە سروشت لەناومان ببات ،یان هەندێکمان بهێڵێتەوە لە ناو جیهانێکی وێرانە و پەرتەوازەدا هەر وەک پسپۆری جێژۆلۆجی بەرلینی (کارستن نیمیتس) ئەیخەملێنێت. گەر بێتوو سروشت بەسەر مرۆڤدا زاڵ نەبێت ، هەر نەمر بێت ، ئەو کاتە سەرجەمی دانیشتوانی گۆی زەوی هێندە زۆر ئەبێت ، کە نائاسودەیی بە دوادا دێت و زەوی بەرگەی ناگرێت و گۆڕان بەسەر شێوەکەیدا نایەت بەڵکو ژینگەکەی بەرەو تێکچوون ئەچێت . لەبەر زۆری دانیشتوان شیرازەکە تێک ئەچێت، بناغەکانی ژیانی ئاسایی هەڵ ئەتەکێتنرێت ، چیتر مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی بژی.

کەی کاتمان بەسەر ئەچێت لە سەر زەوی؟

زانایانی دەزگای (ن.ا.س.ا- ناسا) ی ئەمەریکی لەو باوەڕەدان کە هێشتا مرۆڤ کاتێکی درێژی ماوە لەسەر گۆی زەوی ، بەڵام لە کۆتاییدا پێکدادانێک ڕوو ئەدا لەگەڵ پارچەیەکی تری گەورەی ئاسمان ،وەک چۆن پێش ٤،٥ ملیارد ساڵ ڕوویداوە ، ئەو کاتە، ئەو بازنەیە بەرەو داخستن ئەچێت ،بەڵام چەندین هەزار ساڵمان لە پێش ماوە بۆ ڕوودانی ئەو کارەساتە.

نووسینی : دانیلله پالو

وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە:
خەبات لاوباخ

* لە گۆڤاری Welt der wunder وەرگیراوە.

کۆنسێرتی سترانبێژان و ئاهەنگ گێڕان خەمەکانمان زیاتر دەکەن!

ماوەی چەند ساڵێکە لە ڕێگەی کۆمپانیاکان و چێشتخانەکانەوە کێبەرکێ لەسەر سازکردنی کۆنسێرتی سترانبێژان دەکرێ، بەوهۆیەشەوە ئاهەنگ گێڕان بەمەبەستی پارە پەیداکردن بڕەوی پەیداکردووە، هەر بابایەو لەهەوڵی ئەوەدایە کە گۆرانیبێژێک یان چەند گۆرانیبێژ بانگهێشت بکات و ئاهەنگی بۆ ساز بکات، ئیدی دەست بە ریکلامکردن دەکەن و سەرنجی خەڵک ڕادەکێشن.

ڕاستیەکەی بەهۆی زۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ریکلام کردن زۆر ئاسان بووە، جاری وا هەیە بۆ تاکە ئاهەنگێک لە چەندین کەناڵەوە هاوکات ریکلام دەکرێ، بێگومان ریکلام کردنیش بە خۆڕایی نیەو پارەی گەرەکە، ئەمەش وا دەکات کە نرخی بلیتی ئاهەنگەکە گرانتر بێ و هەموو کەسێک نەتوانێ بیکڕێ، یان شانسی ئەوەی نەبێ کە بچێت و لە نزیکەوە چاوی بە گۆرانیبێژەکە بکەوێ. بەوهۆیەشەوە هەندێکجار گرفت لەنێو خێزانەکاندا دروست دەبێ، بەتایبەتیش ئەگەر گۆرانیبێژەکە ناسراو بێ و لە هەندەران هاتبێتەوە.

ڕاستە کۆنسێرت و ئاهەنگ گێڕان مافی هەر گۆرانیبێژ و کۆمپانیایکە، بەڵام هەق نیە کە لایەنی پەیوەندار کۆنترۆڵی نرخی بلیتی ئاهەنگەکان نەکات. ئەگەر کۆمپانیاکە قازانج لەو ئاهەنگانەدا نەکەن، هەرگیز سازیان ناکەن، ئەگەر گۆرانیبێژەکەش سوودمەند نەبێ، دەگمەنە ئەگەر خۆبەخش بەشداری تێدا بکات، کەواتە پارەی گۆرانیبێژەکەو قازانجی لایەنی پێکهێنەری ئاهەنگەکەو ریکلامەکانیش هەمووی لە ئەستۆی خەڵک دەکەوێ، ئەمەش وا دەکات کە باری بژێوی خەڵک گرانتر بێتەوە. لەوانەیە هەندێک بڵێن: 'ئەوجار خەڵک سەرپشکە لەوەی کە دەچێ بۆ ئاهەنگەکان یان نا؟!' ئەم گوتنەش ڕێی تێدەچێ، بەڵام ئەگەر بیر بکەینەوە، دەبینین سازکردنی ئەو ئاهەنگانەی کە نرخی بلیتەکانیان زۆرە کاریگەری نەرێنی لەسەر هزرو مێشکی گەنجانی بنەماڵە هەژارەکان دادەنێن و دووچاری خەم خواردنیان دەکەنەوە.

ئەگەر ریکلامەکانی ئەو چەند ڕۆژەی پێشجەژن کۆبکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە لە شارەکانی کوردستاندا چەندین شەو ئاهەنگ سازکراون کە هەر هەمووشیان لەنێو ڕێستۆرانتەکاندا بوون، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە ڕێکخەری ئاهەنگەکان پێوانەی هەموو لایەنێکی قازانجیان کردووە، هەم بلیت دەفرۆشرێ و هەم خواردنیش دەخورێ، بەوهۆیەشەوە باشترین قازانج دەکەن، دەی کەواتە گەنجانی بنەماڵە هەژارەکان هەرچۆن هەوڵ بدەن ناتوانن بچنە ئەو ئاهەنگانەوە، بەوهۆیەشەوە دیواری هاوێرکاری لەنێوان بنەماڵە هەژارو بنەماڵە دەوڵەمەندەکان و خواپێداوەکان بەرزتر دەبێتەوە، کاتێک دیواری نێوان ئەم دوانەش بەرزتر ببێتەوە ناکۆکی سەرهەڵدەکات و هەستی تۆڵەکردنەوە چەکەرە دەکات. هەر شتێکیش ئەگەر دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا دروست کرد، بە نەرێنی و نارەوا دادەندرێ، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین کە سازکردنی کۆنسێرت و شەو ئاهەنگەکان کە بەمەبەستی پارە پەیداکردن بەڕێوەدەچن لەبەرژەوەندی کۆمەڵگەدانین و زیاتر چینەکان لەیەکتری هاوێر دەکەن.

من ناڵێم کە هونەرمەندو سترانبێژان کۆنسێرت نەگێڕن، یان کۆمپانیاکان شەو ئاهەنگ ساز نەکەن، بەڵکو من خوازیارم کە هەم هونەرمەندەکە و هەمیش کۆمپانیاو لایەنی ڕێکخەری ئاهەنگەکان بیر لە پێشخستنی هونەر و بەهرەمەند کردنی زۆرترین خەڵک بکەنەوەو واز لە سوودو قازانجی خەیاڵی بهێنن.

هونەرمەندانی کورد دەبێ نەچنە ژێر باری داخوازی کۆمپانیا قازانج خوازەکان و خۆیان هەراج نەکەن، بەداخەوە هەندێک لەو سترانبێژانە بیر لەوە ناکەنەوە کە سازکردنی ئاهەنگ لە نێو بارِ و ڕێستۆرانتەکاندا زیان بە کەسایەتی خۆی دەگەیەنێ، لەوانەیە تەنیا ئەوەی لا مەبەست بێ کە ئاهەنگ سازبکات و گۆرانی بڵێ و خەڵک بچن وێنەی لەتەکدا بگرن. من پێموایە هەندێک لەو گۆرانیبێژانە ڕۆژێک دادێ شەرم لە خۆیان دەکەنەوە کە لەو شوێنانەدا گۆرانیان گوتووە، چونکە هونەرمەند بەتەنیا مولکی خۆی نیەو مولکی گەلە، کەواتە دەبێ هەمووان پارێزگاری لە هونەرو هونەرمەندان بکەن و ئامۆژگاریان بکەن تا بازرگانی بە هونەرەوە نەکەن، ئەگەچی سترانبێژانی کورد لە چاو نەتەوەکانی دیکە، کەمدەرامەتن، بەڵام دیسانیشەوە واتای ئەوە ناگەیەنێ کە گۆرانیبێژانی کورد بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان هەڵپە بکەن و زیان لە کەسایەتی خۆیان و هونەری گەلەکەیان بدەن.

ئارام چوارباخی

ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
ڕێکار ئەحمەد

سەرنووسەر:
حوسێن حەسەن

ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز:
٠٧٥٠١١٩١٤٩٧

ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر:
٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری،
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی شەست مەتری
گەڕەکی ڕزگاری
نزیک ئاسایشی گشتی
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی ڕانیە
شەقامی نالی،
بەرانبەر گەراجی نەورۆز
کتێبخانەی ڕۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com